The Centre of Halabja
Against Anfalization and
Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.be

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u
Cinosaydî Gelî Kurd
CAK
chak_org@yahoo.com

# بەیانی کۆتایی کۆنگرەی دووەمی ئاوارتەی ناوەندی چاک

لە ژێر دروشمی هەموو تاوانباران بێجیاوازی بۆ دادگا و بەجیهانیکردنی کارەساتەکانی گەلی کورد، ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و ژینۆسایدی گەلی کورد لە بەیانی رۆژی شەممە رێککەوتی 1ی دیسەمبەری 2007 لە شارۆچکەی کاسباخ – ئۆلنبێرگ کۆنگرەی دووەمی خۆی دەستپێکرد.
سەرەتا کۆنگرە بە خولەکێک وەستان بۆ رێزلێنان لە گیانی پاکی قوربانیانی کۆمەڵکوژی و ژینۆساید و بزافی رزگاریخوازی دەستی پێکرد، ئەوجا بەخێرهاتنی میوانانی بەشداربوو کرا و بروسکە و وتار خوێندرانەوە کە لە لایەن کۆمەڵێ رێکخراوی سڤیل و رامیارییەوە بۆ کۆنگرە نێردرابوون لە وانە ( کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئیران, حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان, یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، حزبی شیوعی کوردستان, پارتی چارەسەری کوردستان- پ.چ.د.ک, پارتی ژیانی ئازادی کوردستان – پ.ژ.ا.ک, پارتی رزگاری کوردستان, پارتی دیموکراتی کوردستان, بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان, ناوەندی رۆشنبیری کوردی-ئەڵمانی، پەیمانگای کوردی بۆ پرسی نەتەوەیی, کوردە فەیلییەکان, فەلەکناز- ئەندامی پەرلەمانی ئەوروپا, خەلیل غەزالی, گوهدار معسوم و چەند بەرێزێکی تر), هەروەها دوو ناوەندی سڤیل لە خۆرهەڵاتی کوردستانەوە. میوانەکان جگە لە سەرکەوتنخواستن، رەخنە و تێبینیەکانی خۆیان خستەروو و لەمبارەیەوە کۆمەڵی پرسیار هەڵوەستەیان لەسەر کراو گۆتنیان لەسەر کرا. هەروەها ژمارەیەک لە میوانان تا کۆتاییی کۆنگرە مانەوە و هەموو دانیشتنەکانی کۆنگرە کرایەوە بوون.

دوای نانخواردن، وەک کۆمیتەی ئامادەکاری کۆنگرە وتەیەک لە لایەن هیشام ئاکرەیییە وە دەربارەی ئامادەکاریەکان و چۆنیەتی بەرێوەچوونی کۆنگرەکە و بەرنامەی دوو رۆژی کۆنگرە خرایە روو. پاشان 5 کەس بۆ بەرێوەبردنی کۆنگرە هەڵبژێردران. بەرێوەبەرانی کۆنگرە بەپێی بەرنامەی دیاریکراو دەستیان بەکارەکانیان کرد.

دوای ئەوەی ئەندامانی بەشدار خۆیان بە ئامادەبووان ناساند، راپۆرتی کۆمیتەکان: کۆمیتەی رۆژهەلاتی کوردستان ، کۆمیتەی نەرویژ، کۆمیتەی ئەڵمانیا، کۆمیتەی بە ریتانیا، کۆمیتەی دانیمارک، کۆمیتەی سوید، نوێنەری سویسرا و نوێنەری بەلژیکا یەک لە دوای یەک خوێندرانەوە، ئاماژە بە کار و چالاکیەکانی کۆمیتەکان و ئەندامان لە ماوەی رابردوودا لە لایەن نوێنەرانەوە کران، تێبینی و رەخنە و پێشنیارەکان خرانەروو. هەروەها لە لایەن هەندێ لە کۆمیتەکان و ئەندامانەوە ئاماژە بە جیابوونەوەی هەندێ لە ئەندامان لە وڵاتەکاندا کرا و بەرێزەوە ناویان هێندرا. پاشان رەخنە، پرسیار و پێشنیار سەبارەت بە راپۆرتەکان و وتەکان خرانە بەرگوتن و سەرنج.

لە رۆژهەلاتی کوردستان و تاران، وە لە باشووری کوردستانەوە 36 ئەندام لە رێگەی ئەنتەرنێتەوە بەشداری کۆنگرەیان کرد، هەروەها چەندین ئەندامی دیکە لە ئەمەریکا، کەنەدا و

ئەوروپاوە بەشداریای راستەوخۆیان کرد. شایانی باسە لەگەل باری ناهەمواری رامیاریی ڕۆژهەلاتی کوردستان، هاوڕێیانی ڕۆژهەلات بوێرانە بەردەوام لەگەڵ کۆنگرەدا بوون و ماندووبوونی زۆریان کێشا. هەروەها هاوڕێانی باشوری کوردستان لەگەل بوونی کێشەی ئەنتەرنێت و سەختی پەیوەندی لەگەڵ پێشکەوتنەکانی کۆنگرە بوون. جێگەی گرنگی پێدانە کاک عەلی رەحیمی وێرای نەخۆشبوونی بەردەوام لەگەڵ کۆنگرەدا بوو. گەلێ لەو بەرێزانە بە پێی توانا دەهاتنە ناو بابەتەکان و تێبینی خۆیان دەدایە کۆنگرە، یان بە تێکست و نووسین بەشداریان دەکرد .

لە باشووری کوردستانەوە بە تەلەفۆن و ئینتەرنێت بەگوێرەی توانا بەشداری کرا. خەبات نەوزاد لە هەڵەبجەوە لە ڕێگەی ئەنتەرنێتەوە پەیوەندی کرد و ئامازەی بە هەندێ خاڵی پەیوەستدار کرد. هەروەها کاک ڕێژین ئیبراهیم و مامۆستا محەمەد لە سلێمانییەوە بەشداربوون. نیاز کەرکوکی لە ئەمەریکاوە پەیوەندی کرد و لەسەر کۆنگرە دوا , کاک دلاوەر قادر لە کەنەداوە. کاک عەلی رەحیمی بە وتەیەک بەشداربوو, ئاسۆ قەلادزەیی لە نەرویژەوە و ئەندامانی تر لە سلێمانی و ئەوروپا ناوە ناوە دەهاتنە ناو بابەتەکان و تێبینیەکانی خۆیان چ بە نووسین یا گۆتن دەخستەڕوو.

بەرێزان سەدیقی محامی و حەمەڕەشی هەرەس و بە رزان هە ستیار و ڕەزا حەمە و شاهۆ تۆفیق و ئیسماعیل رەواندزی و لارزۆ بەکر و یوسف مەنتك و د.شوان و ئاسۆ حەیدەری کە وەکو میوان ئامادە بوون، بە بوونی چاک و کارەکانی دڵخۆشی خۆیان دەربڕی و کۆمەڵێ پێشنیار و تێبینی بەسوودیان خستەڕوو. بەریز سەدیقی مەحامی پرۆژەیەکی یارمەتی خوێندکارانی خستەڕوو. بەڕێز حەمەڕەشی هەرەس بەڵێنی هاوکاری و دروستکردنی کۆمیتەی لە کەنەدا دا، بەڕێز رەزا حەمە ئەویش کۆمەڵێ بابەتی وروژاند و ناوەندی چاکی لە پیلان و هەڕەشەکان هۆشیار کردەوە. بەڕێز شاهۆ تۆفیق تێبینی و ڕەخنەکانی خستەروو و پێشنیاری تایبەتی خۆی دایە بەرێوەبەرانی کۆنگرە هتد. دەستخۆشی لەهەموو میوانان کرا بۆئەو هەستە جونانەیان بەرامبەر بە ناوەندی چاک.

لە رۆژی یەکەمدا بەکاتی 15.30 دوای نیوەرۆ دوای کاتژمێرێک وەستان لەسەر بەرنامە و پەیرەوی پێشنیارکراو، و بڕیاردرا ئەندامانی بەشدار تێبینیەکانی خۆیان بخوێننەوە، هەمووی بنووسرێنەوە و لە لایەن لیژنەی پوختکردنی بەرنامە (بەختیار مام شیخ، ڕەفعەت هەلەبجەیی، شاخەوان شۆرش، زانا هەورامی، هیشام ئاکرەیی ) ڕێکبخرێن و بەرنامەکە لە لایەنی زمانەوانی و قانونیەوە چاک بکرێت و هەڵوەستە لەسەر پێشنیارەکان بکرێت. جێگەی گوتنە ئەندامانی کۆنگرە پەسەندی سترەکتوری پێشنیارکراویان کرد و لەسەر ئەو بنچینەیە هەڵبژاردن کرا.

گۆڕانکاریی گرنگ لە پێکهاتەی ڕێکخراو بڕیاری لەسەر درا، بەمجۆرە دەستەی باڵا کە لە 3 ئەندامی یەکسان لەدەسەڵاتدا پێک دێت، لە جیاتی سەرپەرشتیار و جێگری پەسندکرا. دەستەی کارگێڕ کە لە دوای ئەو دەزگایەوە دێت و (هەموو بەرپرسیارانی کۆمیتەکان + هەڵبژێردراوانی کۆنگرە بۆ دەستەی کارگێر) دەگرێتەخۆی، پەسند کرا. پێشنیاری بوونی ئەنجومەنی ڕێکخراو پەسندکرا، ئەو ئەنجومەنە پێک دێت لە ئەندامانی دیاریکراوی کۆمیتە (7 ئەندام لە هەر کۆمیتەیەکدا) و بنکەکان (3 ئەندام لە هەر بنکەیەکدا). ئەنجوومەن وەکو پارلەمان کاری لێپرسینەوە و قانونی دەکات و لە باری ئاساییدا مانگی جارێک کۆ دەبێتەوە.

لیژنەی بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لە لایەن ئەندامانەوە پەسندکرا، ئەو لیژنەیە لە شوێنی دەستەی چاودێری پێشوو بە دەسەلاتی جیاوە کاری لێکۆڵینەوە لە سنور بەزاندنی دەسەڵاتەکان و کێشەکان دەکات.
سەبارەت بە ناوی ناوەند و ئەگەری گۆڕینی ناوەکە، دوای گفتوگۆیەکی دوورودرێژ، بڕیاردرا ناوەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە و هەر کاتێک بەدەنگی نیوە + 1 ئامادەبووانی کۆنگرە (ئەنجوومەن) دوای پلینیۆمێک کرا، دەتوانێت ناوی ناوەند بگۆڕێت.
سەبارەت بە ئارمی ناوەند، زۆرینەی ئامادەبووان لەگەڵ گۆڕینی ئارمی ناوەند بوون، بەمجۆرە بڕیاردرا لە ماوەی مانگێکدا ئارمە پێشنیارکراوەکان گفتوگۆیان لەسەر بکرێت و یەکێک هەلبژێرن.

سەبارەت بە باشووری کوردستان و گرنگی پەیوەندی بەردەوام و بەهێز لەگەڵ باشووری کوردستان، بڕیاردرا لیژنەیەکی پەیوەندی و هاوکاری دروست بکرێت، ئەوەبوو هەریەک لە (ئۆمەر فارس، علی مەحموود، قادر نادر، گۆران هەڵەبجەیی، عەدنان کۆچەر، ڕوناک شوانی و مستەفا حەسەن گەورە) ئامادەیی خۆیان دەربڕی و وەک بازنەیەکی پەیوەندی دەستنیشان کران. تەمەنی ئەم لیژنەیە لەدوای دروستبوونی کۆمیتەی کوردستان و جێگیربوونی پەیوەندیەکان کۆتایی پێ دێت. هەروەها بڕیار درا کۆمیتەی باشووری کوردستان لە 7 کەس پێک بێت و بە لای کەمەوە 2 ئەندامیان لە دەستەی کارگێڕدا هەبێت جگە لە هەڵبژێردراوانی کۆنگرە. بە هەمان شێوە کۆمیتەی ڕۆژهەلاتی کوردستانیش لە 7 کەس پێک بێت و لانی کە م 2 ئەندامیان لە دەستەی کارگێردا دەبێت.
کۆنگرە بە گرنگی زانی ناوەندی چاک لە هەموو بەشەکانی کوردستان کۆمیتە و ئەندامی هەبێت و بۆ ئەو مەبەستە دەستەی بەڕێوەبەری تازە هەنگاو دەنێت.

ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بەم شێوەیە بوون:
دەستەی باڵا: ڕووناک شوانی، شاخەوان شۆڕش , عەلی مەحمود.
دەستەی کارگێر: ڕووناک ئەحمەد (ئەڵمانیا), قادر نادر (سوید), خەبات نەوزاد (کوردستان)، ڕێژین ئیبراهیم(کوردستان)، ڕەفعەت هەلەبجەیی (سوید)، هیوا ناسح (سویسرا)، تابان سکایا (دانمارک)، عەدنان کۆچەر (بریتانیا)، مستەفا حەسەن گەورە (دانمارک)، شایانی گوتنە ئەو ئەندامانە ئەرکی بەشەکانی: ڕێکخستن، ڕاگەیاندن، پەیوەندی، دارایی، چالاکی و کەمپین و ئەرشیف دەگرنە ئەستۆ.
لیژنەی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون: بەختیار مام شیخ، سەلام محەمەد، ئیبراهیم مەلا زادە، کانی ئیبراهیم.

دوای هەڵبژاردنەکان، پێشنیاری بوونی لیژنەی ڕاوێژکار پەسند کرا و دەنگ درایە (گۆران هەڵەبجەیی, شادی ئیبراهیم خاس، ئاراس وەهاب، زانا هەورامی)، جێگای سەرنجە وەکو ئەندامی لیژنەی ڕاوێژکار، مەرج نییە راوێژکار ئەندامی ناوەندی چاک بێت.

شایانی گوتنە لە کۆنگرەدا زۆر بابەت وروژێندران، ڕەخنە و دەمەتەقێی ورد و دروستکەر، هەندێجار توند بەوپەڕی کراوەیی و دیموکراسیانە کران. گەلێ گۆڕانی گرنگ کران؛ سەبارەت بە کەسی نوێ بۆ دەستە و بەش و لیژنەکان، جگە لە هەندێ لە کەسانی پێشوو کەسانی نوێ هەڵبژێردران؛ سەبارەت بە سترەکتور و شێوەی پێکهاتەی ڕێکخراو گۆرانکاری دیار کران؛ بەرنامەیەکی چڕ و پڕ خرایە بەردەست؛ لە هەڵبژاردنەکەدا بەشداران ئازادانە و هوشیارانە

دەنگی خۆیان دا، بۆیە لە ڕوانگەی ئەو خاڵانەوە دەتوانین بلێین کۆنگرە ئامانجەکانی خۆی پێکا.
هاوکات کۆنگرە کراوە بوو بۆ بە شداری میوانان (تەنیا مافی خۆپاڵاوتن و دەنگدانیان نەبوو), تا کۆتایی چەندین نووسەر و کەسایەتی وەکو میوان بەشداربوون و چاودێری کۆنگرەیان کرد.

ناوەندی چاک
8.12.2007

www.chak.be
chak_org@yahoo.com